عێراق ... مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی تا کۆتایی ئەمساڵ دەستبەرکراوە



سەرکی دەستی پاراستنی کۆمەڵایەتی عێراق رایگەیاند، مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی تا کۆتایی ئەمساڵ دەستبەرکراوە ،وتیشی" ١٥٠ هەزار خوێندکار بەهەی ئەو یارمەتیی هاندانەوە گەاونتەوە قوتابخانە".

ئەمە هەینی ، ئەحمەد خەلەف موسەوی، سەرکی دەستی پاراستنی کۆمەڵایەتی عێراق وتی، مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی تا کۆتایی ئەمساڵ دەستبەرکراوە و زیاتر لە سێ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار منداڵ چاودێری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ژمارەی ئەو ژنانەی کە چاودێری کۆمەڵایەتی دەیگرێتەوە گەیشتووەتە نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەس و مووچە و یارمەتییەکانی دەسەات تا کۆتایی ئەمساڵ بە تەواوی دەستبەرکراوە، ئەو پارانەی لە چوارچێوەی بودجەی سێ ساەدا تەرخانکراون، دەگاتە ٦.٢ ترلیۆن دینار، بەپێی پلان پارکە خەرج دەکرێت.

سەبارەت بە یارمەتییە پەروەردەییەکەش وتی، یارمەتی دووەم کە بڕی ٨٢ ملیار دینار بوو، خەرجکراوە

بە ٢.٢ ملیۆن خوێندکاری نێر و مێ کە چاودێری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە، قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی ٣٠ هەزار دینارییان وەرگرتووە، قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەییش هەریەکەیان ٥٠ هەزار دینارییان وەرگرتووە.

بەڵام لەوەشکرد، ئەو یارمەتییە بەشداربووە لە گەنمانەوە زیاتر لە ١٥٠ هەزار قوتابی بە قوتابخانە لێئەمسادا، لە ناویاندا ١٤ هەزار قوتابی کە لە سەرەتای ساڵی خوێندندا ئامادە نەبوون و بەهۆی ئەو پشتگیرییەی پشکێشیان کراوە گەڕاونەتەوە بە قوتابخانە و جێختیشی کردەوە، هەر منداڵێک واز لە خوێندن بێنێت بە پێی یاسا دەرماڵەکەی دەبڕدرێت.